# گۆبەندەکەی مەلاژنە ئامینە

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

**avinfatah@yahoo.com**

پتر لە هەزارو چوارسەد ساڵە بە پێی راو زارو راڤەی زاناو پیاوانی ئاینیی ئیسلام، قەت نەبووەو نابێت ژنان پێشنوێژی موسڵمانان بکەن تەنیا بو ژنانی خانەوادەی خۆیان نەبێت، کەچی (د.ئەمینە وەدوود) کە بە رەچەڵەك میسرییەو ناسنامەی ئەمەریکی هەیەو مامۆستای دیراساتی ئیسلامیە لە زانکۆی کۆمۆنویڵسی ویلایەتی ڤێرجینیا، رۆژی هەینی **3/18**ی ئەمساڵ و بە بەشداری نزیکەی **150** ژنو پیاو لە کاتدرائیەیەکی مەسیحیدا پێشنوێژی کرد ، دوای ئەوەی سێ مزگەوت رێگەی ئەم کارەیان نەدایێ.

د. وەدوود کتێبێکی بە ناونیشانی(قورئانو ئافرەت_راڤەکردنی قورئان لە روانگەی ژنەوە) دەرکردووەو تیایدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە قورئاندا ژنان مافی یەکسانی تەواویان لە ئیمامەتو پێشنوێژیکردندا هەیەوئەوە تەنیا دابو نەریتی دواکەوتووە ئەم مافەیانی لەژنان زەوت کردووە ، دەنائەمە پەیوەندی بە ئیسلامی راستەقینەوە نیە، بۆیە وەکو خۆی دەڵێ نابێ چیتر ژنان لەم مافانە بێبەش بن.

ماوەیەکە ئەم هەواڵە مقۆمقۆیەکی زۆری لە نێوەندە ئیسلامییەکان ناوەتەوە، لە لایەن کۆمەڵە رەسمی و نارەسمیە ئیسلامیەکانەوە چەندین فەتوای لەسەر دەرچووە، زۆربەیان لە دژی وەستاون لێ هەندێکیان بە شتێکی دژە دینی نازانن ، بۆ نموونە سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر ئەمەی پێ ناجایزەو نوێژەکەشی پێ بەتاڵە، هەرچی موفتی میسرە پێی وایە کە مادامەکینێ دەقێکی راشکاو لە قورئاندا نیە ئیمامەتی ژنان حەرام بکات ئیدی ئەوە ئازادییەکی کەسییە ومەسەلەکە بۆ ئەو کەسانەی بە ئیمامەتی ژنان قایلن، دەگەڕێتەوە.

لەم نێوەندەشدایوسف قەرەزاوی دوو رۆژ پێش ئەنجامدانی خوتبەو نوێژەکە فەتوا ئاگرینەکەی خۆیدا و گوتی ئەمە بیدعەیە(**کل بدعة ضلالة وكل ضلالة فى النار**) ،بە واتایەکی دیکەلە نێوەندە ئیسلامیەکاندا چەندین فەتوا بۆ ئەم ژنە دەرچووەوهەریەکەیان بەجۆرێك تاوانباری دەکەن هەر لە بە هەڵەزانین و جاهیل بوونەوە بگرە تا کوفراندنو خوێن حەلاڵ کردن، عەرەبیش وەك پیشەی هەمیشەییان ئەمەشیان بە فیتنەی ئەمریکا لە قەڵەم دا!!

جا سەیرەکە لای من ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی دژی ئەم کارەن پاساویان ئەوەیە کە کاتێك ژن پێشنوێژی بکات لەگەڵ هەستانو دانیشتن وهاتنە سەرچۆك وکرنۆش بردن ( سجود وركوع) دا پیاو خۆی پێ ناگیرێتو ئیسارە دەبێت بۆیە نوێژەکەی سووك دەبێت وتەنانەت بەتاڵیش دەبێتەوە!!

وای بۆ دەچم کە چەپاندنی سێکسی پاڵنەری زۆربەی فەتواو هەڵوێستەکانی ئەو فەحلانە بن، بۆ نموونەقەرەزاوی کە ئەم کارەی پێ بیدعەیە کچێکی چواردەساڵانی لە خۆی مارە کردووە کە تەنیا شەست ساڵ لە خۆی بچیکترە!، هەر ئەم شێخە فەتوای جایزبوونی سێکسکردنی لە رێگەی دەمەوە داوە!! کەچی دەهەنبەر بوونی سوپای ئەمریکی لەدۆحەی پایتەختی قەتەردا کە هەر چەند مەترێك لە ئۆفیسەکەیەوە دوورە نووزەیەکی لە دەم نایەتەدەرو پێشی بیدعە نیە، هەرچەندە سوپای ئەمریکی ژنیشی تێدانە، یان هۆیەکەی وەك لەکوردەواریدا دەڵێن هەر ئەوەیە کە مەلا بۆخۆیان خوار دەکەنەوە؟!

ماویەتی

---

**تێبینی, ئەم بابەتە هاوکات لە (ڕۆژنامەی میدیا)ش بڵاو دەبێتەوە**